# ڕەشنووسێک بۆ پوختەی
# دەستووری فێرکاریی کوردستان

ئامادەکردنی ڕێکخراوی «کۆمەک»

کوردستان، بەهاری 2010

**ناوەڕۆک**

ئەم دەستووورە بریتییە لە 17 بەش:


- بەشی 1: ڕێسای بەرایی 3
- بەشی 2: بەرپرسایەتی و دابەشینی دەسەڵات 5
- بەشی 3: گەشەی فێرخواز بەرەو ئامانج 7
- بەشی 4: جۆرایەتی و کاریگەری 9
- بەشی 5: خوێندنی ئاسوودە و ئارام 11
- بەشی 6: چارەسەر بەرانبەر ڕەفتاری ناجۆر 14
- بەشی 7: ئەرک و مافی چوونە بەرخوێندن 16
- بەشی 8: زارۆخانە 18
- بەشی 9: فێرگەی بنەڕەتی 19
- بەشی 10: پشووخانە 22
- بەشی 11: فێرگەی ئامادەیی 23
- بەشی 12: خوێندنی گەورەساڵان 25
- بەشی 13: فێرگەی تایبەت 29
- بەشی 14: خوێندنی زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانەی نایزانن 30
- بەشی 15: فێرگەی سەربە کەرتی تایبەت 31
- بەشی 16: چاودێری، هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی و دیڤچوونی حکوومەتی 32
- بەشی 17: «نارەزایی» 34

**بەشی 1: ڕێسای بەرایی**

§1 بەستێنی فێرکاری: ئەم دەستووورە ڕێساکانی بەستێنی فێرکاری پێشان دەدات. خوێندن لە بەستێنی فێرکاریدا لە لایەن کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتەوە پیادە دەکرێت، ئەویش بەپێی بەشی 2 بڕگەی 1 و 2.

بەستێنی فێرکاری بریتییە لەم بەشانەی خوارەوە:

- زارۆخانە
- فێرگەی بنەڕەتی
- فێرگەی ئامادەیی
- فێرگەی گەورەسالان
- پشووخانە
- فێرگەی تایبەت
- فێرگەی سەربە کەرتی تایبەت

§2 ڕێسای خوێندن لە فێرگەی تایبەت و هەروەها فێرگەی سەربە کەرتی تایبەت پەیڕەوی ڕێساکانی فێرگەی گشتی دەکات.

§3 لەم دەستوورەدا

- فێرخواز: ئەو مرۆڤەیە لە فێرگەکانی بەستێنی فێرکاریدا دەخوێنێت، زارۆخانەی لێدەرچێت.
- فێرکاری: پرۆسەیەکی ئامانجبەندە مامۆستا دەیبات بەڕێوە بۆ گەشەکردن و فێربوونی منداڵ و فێرخواز.

§4 مەبەستی سیستەمی فێرکاری ئەوەیە منداڵ و فێرخواز، زانیار و بەها هەم وەرگرن و هەم گەشەی پێ بدەن، دەبێت منداڵ و فێرخواز هان بدا بەرەو فراژووتن و فێربوون و هەروەها ئارەزوویەکی فێربوونی هەمیشەیی. جگە لەوە سیستەمی فێرکاری دەبێت بەهای بنەڕەتی دیمۆکراتی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ پێشکەش بە منداڵ و فێرخواز بکات.

سیستەمی فێرکاری دەبێت هەلومەرجی تایبەتی منداڵ و فێرخواز ڕەچاو بگرێت. منداڵ و فێرخواز دەبێت دەرفەتی گەشەکردنی بەردەوامیان هەبێت.

مەبەستێکی دیکەی سیستەمی فێرکاری لەوەدایە هاوکاری خێزان بکات بۆ گەشەی هەمەلایەنەی منداڵ و فێرخواز بەرەو ئافراندنی وەڵاتییەکی چالاک، داهێنەر، کارامە و بەرپرس.

5§ شێوازی فێرکاری دەبێت وەها بێتە دارِشتن رِێک بێت لەگەڵ بەهای دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ وەک: مافی ژیان، ئازادی تاک، کەسایەتی تاک، بەهای یەکسانی مرۆڤ، یەکسانی زایەند و هەروەها هاوکاری نێوان مرۆڤایەتی.

هەموو کارمەندانی سیستەمی فێرکاری دەبێت کار بکەن بۆ هاندانی مافی مرۆڤ و رِێبەستن لە هەموو جۆرە سنووربەزێنییەکی سەروەریی مرۆڤ. فێرکاری دەبێت لەسەر بنەمای زانست و ئەزموون دامەزرابێت.

6§ خوێدن لە زارۆخانە و فێرگەی دەوڵەتدا نابێت وابەستەی دین و مەزهەب بێت.

7§ خوێندن لە زارۆخانە و فێرگەی سەربە کەرتی تایبەتدا، گەر وانەی دینی و مەزهەبییان هەبێت، نابێت بەشداری لە وانەی وەهادا زۆرەملێ بێت.

8§ خوێندن بە یەکسانی ئاواڵەیە بۆ هەموان. نابێت باری ئابووری، زایەند، مەیل، نشیمەن، پاشخانی فەرهەنگی و دینی و هیچ باسێکی دیکە رِێ لە خوێندن بگرێت.

9§ خوێندن لە هەر بەشێکی وەڵات بێت لە ئاستی خۆیدا، دەبێت هەمان بایەخی هەبێت.

10§ لە خوێندندا بەرژەوەندی منداڵ بە تایبەتیی رِەچاو دەگیرێت. مەبەست لە منداڵ مرۆڤی ژێر18 ساڵە.

11§ هەموو بەشێکی فێرکاری دەبێت «پلانی فێرکاری» ی خۆی هەبێت. پلانی فێرکاری، بەها و ئەرک، ئامانج و ئارِاستەی فێرکاری دیاری دەکات.

**بەشی 2: بەرپرسایەتی و دابەشینی دەسەڵات**

§1 وەزارەتی فێرکاری – «فەرمانگەی فێرکاری» لە کوردستان، «بەڕێوەبەرایەتیی فێرکاری» لە هەر ئوستان و شارەوانییەکدا بەرپرسایەتیی فێرکاری دەگرێتە ئەستۆ.

§2 کەرتی تایبەت، پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە لایەن « فەرمانگەی فێرکاری»ـیەوە، بۆی هەیە بەرپرسایەتیی فێرگەی تایبەت بگرێتە ئەستۆ. «فەرمانگەی چاودێری فێرکاری» بەرپرسە لە دۆزی مۆڵەتدان بە کەرتی تایبەت لەم بوارەدا.

§3 بەڕێوەبەری زارۆخانە و فێرگە بەرپرسن لە ڕەوتی فێرکاری لە یەکەی خۆیاندا. بەڕێوەبەر دەبێت جێگری بەڕێوەبەر لە یەکەی خۆیدا دیاری بکات.

§4 بەڕێوەبەر بەرپرسە لەکاری سازمانەکیی نێوخۆدا. بەڕێوەبەر بەرپرسە لە دابەشینی ئەرک و مافی یەکەی خۆیی و دەرئەنجامی سەرلەبەری زارۆخانە و فێرگەی خۆیی.

§5 بەڕێوەبەر دەبێت خوێندن و ئەزموونی فێرکاری هەبێت.

§6 هەموو بەڕێوەبەرێکی زارۆخانە و فێرگە دەبێت خولی تایبەت ببینن لە بواری بەڕێوەبەرایەتیدا. ئەم خولە دەبێت دەستبەجێ پاش وەرگرتنی ئەو پۆستە دەستپێبکات. «فەرمانگەی فێرکاری» کە خاوەن دەسەڵاتی باڵایە بەرپرسە لەم بوارەدا.

§7 «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لەوەی کەسانێک بە مامۆستا و کارمەندی زارۆخانە دابمەزرێنی کە هونەری ئەم بوارەیان خوێندبێت.

§8 کەسانی خاوەن بڕوانامەی خوێندن دەرەوەی وڵات لە بواری زارۆخانە و فێرگەدا بەر لەوەی دابمەزرێن دەبێت مۆڵەتنامەیەکی تایبەت لە «فەرمانگەی فێرکاری» وە وەربگرن.

ئەو کەسانەی زمانی زگماکیان کوردی نییە دەتوانن ئەو مۆڵەتنامەیە وەربگرن بە مەرجێک توانای پێویستیان لە زمانی کوردیدا هەبێت. ئەم مەرجەش هەر لە «فەرمانگەی فێرکاری»ـیەوە وەردەگیرێت.

§9 لە فێرگەی تایبەتدا گەر وانەیەک بە زمانێکی بیانی بگوترێتەوە، مەرجی کوردیزانین لەسەر مامۆستا نییە بەڵام هەر دەبێت مۆڵەتی مامۆستایەتی لە «فەرمانگەی فێرکاری» وەرگرتبێت.

§10 «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە دابینکردنی بنکەی ساخڵەمی بۆ فێرخوازانی هەموو بەشەکانی فێرکاری. ئەم بنەکەی ساخڵەمییە بۆ ئامۆژگاریی ساخڵەمی و بۆ ڕێبەستنە لە نەخۆشی.

دوکتۆر، پەرستار، دروونناس و جڤاتناس کار لەم بنکەیەدا دەکەن بۆ هاوکاریی فێرخواز بۆ گەشە و گەیشتن بە ئامانجی فێرکاری.

§11 کۆنترۆڵی ساخڵەمی: هەموو فێرخوازێک دەبێت بەپێی بەرنامەی تایبەت 3 جار لە ماوەی خوێندندا سەرەدانی چاودێریی ساخڵەمی بکات بۆ کۆنترۆڵی سەرلەبەری ساخڵەمی.

§12 فێرخوازی نەخۆش، گەر پێویست بکات، دەرفەتی هەیە سەرەدانی نەخۆشخانە بکات.

§13 سیستەمی فێرکاری دەبێت کەسانێکی شارەزا تەرخان بکات بۆ ڕێنوێنی فێرخوازان لە هەڵبژاردنی خوێندنی بەرزتر و پیشەدا.

§14 «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لەوەی دەرفەتی ڕاهێزانی توانا و ڕاهێنان بۆ مامۆستا و کارمەندان فەراهەم بکات. ئەرکی «فەرمانگەی فێرکاری»یە مامۆستا و کارمەندان ئاگادار بکات لە ڕێسا و دەرفەتی بەشداربووان لەو بەرنامانەدا.

§15 «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە تەرخانکردنی بینای فێرگە، کتێبخانە و کەلوپەلی پێویست بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی سیستەمی فێرکاری دیاری کردوون.

**بەشی 3: گەشەی فێرخواز بەرەو ئامانج**

1§ ڕێساکانی ئەم بەشە هەموو جۆرەکانی فێرکاری دەگرێتەوە مەگەر لە جێگەیەکدا بەتایبەتی ڕێسایەکی دیکەی بۆ دانرابێت.

2§ دەبێت دەرفەت بڕەخسێت، بۆ منداڵ و فێرخواز بە توانای خۆی و هەلومەرجی خۆی، فێربوونی خۆی سەر بخات و کەسایەتیی خۆی پێش بخات.

ئەو منداڵ و فێرخوازانەی بە ئاسانی دەگەنە ئاستی پێویست دەبێت دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت و هان بدرێن بەرەو ئاستی بەرزتر.

3§ منداڵ و فێرخواز و هەروەها خێزانیان دەبێت بەردەوام لە توانای فێربوون و گەشەکردنی منداڵ و فێرخوازەکە ئاگادار بکرێنەوە

4§ ڕێسای بڕگەی پێشوو، فێرخوازانی ئاستی خوێندنی گەورەساڵان ناگرێتەوە.

5§ پشتیوانیی تایبەت بۆ منداڵ و فێرخوازێکە لەبەر هەر هۆیەک بێت پێویستی بەو پشتیوانییە هەیە. دەکرێت ئەم پشتیوانییە بە شێوەی تاک و گرووپ بێت.

6§ گەر مامۆستا بە هەر جۆرێک هەست بەوە بکات فێرخواز پێویستی بە پشتیوانیی تایبەتە بۆ گەیشتن بەو ئاستەی لێی چاوەڕوان دەکرێت، ئەو باسە لەگەڵ بەڕێوەبەردا دەکاتەوە. ئەرکی بەڕێوەبەرە بە زووترین کات لەم پێداویستییە بکۆڵێتەوە. گەر ئەنجامی لێکۆڵینەوە پێشانیدا ئەو فێرخوازە پێویستی بە پشتیوانی تایبەتە، پشتیوانییەکەی بۆ دابین دەکرێت.

7§ گەر بەدەر کەوت فێرخواز پێویستی بە پشتیوانی تایبەتە، بەرنامەی کاری بۆ دادەڕێژرێت. لە بەرنامەکەدا پێشان دەدرێت مەبەست چییە، چۆن چارەسەر دەکرێت و ئەوجا چۆن دیڤچوونی بۆ دەکرێت. فێرخواز و خێزانەکەی دەبێت ئاگاداربن لە پلانەکەی. بەرنامەی چاڕەسەر لە لایە بەڕێوەبەرەوە بڕیاری دەدرێت.

8§ نمرە لە فێرگەی بنەڕەتی بەرەو سەرەوە دەدرێتە فێرخواز بەپێی ڕێسای دیاریکراو. بەڕێوەبەر بەرپرسە لەوەی نمرە بەپێی ڕێسا بێت.

9§ فێرخواز دەبێت ئاگادار بکرێتەوە لە بنەمای نمرەدانان

§10 نمره له لایەن ئەو مامۆستایەوە دادەنرێت کە لەو کاتەدا بەرپرسی ئەو خوێندنەیە. گەر نمرەکە لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە دابنرێت و ئەو مامۆستایانەش ناکۆک بن لەسەر نمرەکە. ئەوسا بەڕێوەبەر بڕیار دەدات.

§11 ئەو کەسەی بڕیاری نمرەکە دەدات لەسەریەتی فێرخواز و خێزانەکەی لە هۆکاری بڕیارەکە ئاگادار بکاتەوە.

§12 نمره دەبێت بە نووسراو پێشکەش بکرێت

§13 گەر نمرەدانانەکە لەبەر هۆیەک کەموکووڕی و هەڵەی تێدا بێت، دەبێت بە زووترین کات بە بڕیاری بەڕێوەبەر چارەسەر بکرێت.

## بەشی 4: جۆرایەتی و کاریگەری

§1 لە بەشی 16 دا ڕێسا هەیە دەربارەی چاودێری، هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی و هەروەها دیڤچوونی حکوومەتی بۆ بواری فێرکاری.

§2 هەموو «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لەسەر ئاستی دەسەڵاتی خۆی بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستەمبەند پلان دابنێت هەم بۆ هەڵسەنگاندنی فێرکاری و هەم بۆ دیڤچوون.

§3 ئەم هەڵسەنگاندن و دیڤچوونە لە هەموو زارۆخانە و فێرگەیەکدا دەبێت پیادە بکرێن. بەڕێوەبەر بەرپرسە لە پیادەکردنی ئەم ڕێسایە لە یەکەی خۆیدا.

§4 ئاراستەی کاری هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی سیستەمبەند دەبێت ڕێک بێت لەگەڵ ئامانجی فێرکاری کە لەم دەستوورە و لە ڕێساگەلی دیکەدا دیاری کراون.

§5 کاری هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی دەبێت بە دۆکیۆمێنت تۆمار بکرێت.

§6 گەر لە ئەنجامی دیڤچووندا، پاش دەربڕینی نارەزایی یان بە هەر جۆرێکی دیکە دەرکەوت کەموکووڕی لە کاروباردا هەیە دەبێت «فەرمانگەی فێرکاری» هەنگاوی پێویست بنێت.

§7 «فەرمانگەی فێرکاری» دەبێت ڕۆتینی تایبەتی هەبێت بۆ وەرگرتنی سکاڵای خەڵک و لێکۆڵینەوە دەربارەیان. لە بواری فێرکاریدا دەبێت زانیاری دەربارەی ئەو ڕۆتینانە بە شێوەیەکی گونجاو بڵاو بکرێتەوە.

§8 منداڵ و فێرخواز دەبێت دەرفەتیان هەبێت کار لە سیستەمی فێرکاری بکەن. دەبێت هان بدرێن بۆ ئەوەی چالاکانە کار بۆ پێش خستنی فێرکاری بکەن و زانیاریشیان هەبێت دەربارەی ئەم بوارە.

زانیاری دەربارەی شێوازی کاریگەریی منداڵ و فێرخواز دەبێت بە پێی تەمەن و فراژووتنیان هەموار بکرێت. فێرخواز دەبێت دەرفەتی هەبێت دەستپێشخەر بێت و توانای وروژاندنی پرسیاری هەبێت.

§9 فێرخواز دەبێت دەرفەتی هەبێت بە گرووپ سەرگەرمی باسێکی تایبەت بێت کە مەبەستییەتی.

10§ هەموو فێرگەیەک سەکۆیەکی تایبەتی دەبێت بۆ پرسوڕا بە فێرخواز و خێزانی فێرخواز ئەویش بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەت بۆیان کاریگەریان هەبێت لەسەر سیستەمی فێرکاری. بەڕێوەبەر بەرپرسە لە ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە.

11§ زانیاری دەربارەی داڕشتنی پلان بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کاریگەری دەدرێت بە فێرخواز و خێزانیان. بەڕێوەبەر بەرپرسە لە پێشکەشکردنی ئەو زانیارییە.

12§ کارەوانی ناوچەیی: ئوستاندار، شارۆچکەدار، شارەدێدار، شارەوان (پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە، سەرۆکی شارەوانی) دەستەی تایبەت پێک دێنێت بۆ ڕاوێژ و کاریگەری دەربارەی سیستەمی فێرکاری.

**بەشی 5: خوێندنی ئاسوودە و ئارام**

§1 لەم بەشەدا ڕێسا هەیە دەربارەی ژینگەی فێرگە و پاراستنی شیرازەی ئارامی

§2 ڕێساکانی ئەم بەشە، هەموو بەستێنی فێرکاری دەگرێتەوە مەگەر بەتایبەتی لەم دەستوورەدا ئاماژەی دیکە هەبێت.

§3 ژینگەی فێرکاری لە هەموو بەستێنی فێرکاریدا دەبێت ئارامی و ئاسوودەیی ببەخشێت.

§4 ڕێسای پاراستنی شیرازەی کار لە هەموو یەکەیەکی فێرکاریدا دیاری دەکرێت. ئەم ڕێسایانە بە هاوکاری فێرخواز دێنە دارِشتن و هەڵسەنگاندن. بەڕێوەبەر بەرپرسە لەم ڕێسایانە.

§5 هەنگاوی تایبەت بۆ سزای ڕەفتاری ناجۆر: بەڕێوەبەر بەرپرسە لەوەی چارەسەری تایبەت بۆ سزای ڕەفتاری ناجۆر دیاری بکات ئەمیش بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئاسوودەگی فێرگە.

§6 دەرکردنی فێرخواز: بەڕێوەبەر لە هەلومەرجی تایبەتدا بۆی هەیە فێرخوازێک لە خوێندن دەر بکات بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوە لە خوێندنی ئەو ساڵەی.

§7 بەڕێوەبەر بۆی هەیە داوای لێکۆڵینەوە بکات گەر فێرخوازێک ڕەفتارێکی ناجۆر بنوێنێت. لەم باسەدا ڕاوێژ بە خێزانی فێرخوازیش دەکرێت.

§8 ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بڕیاری بەڕێوەبەر بە نووسراو ئاڕاستەی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار دەکرێت و بڕیارەکەش، بەمەبەستی چاککردنی ڕەفتاری فێرخواز، پیادە دەکرێت.

§9 فێرخواز و خێزانی فێرخواز بە نووسراو هۆشدارییان ئاڕاستە دەکرێت.

§10 گەر پێویست بێت بەڕێوەبەر دەتوانێت بڕیار بدات فێرخوازی لاسار ڕەوانەی فێرگەیەکی دیکە بکات بەمەبەستی هەم هۆشیارکردنەوەی فێرخواز و هەم دەستەبەرکردنی ئاسوودەگی لە فێرگەدا.

§11 گەر پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە فێرخواز بەردەوام ڕێساشکێنی کردووە، بەڕێوەبەر بۆی هەیە بە نووسراو هۆشداری بداتە فێرخواز ئەم هۆشدارییە دەبێت زانیاری تێدا هەبێت دەربارەی ئەو سزایەی دێتە کایەوە گەر فێرخواز ڕەفتاری خۆی چاک نەکات. هەمان هۆشداری دەدرێتە خێزانی فێرخوازەکە.

§12 بەڕێوەبەر دەسەڵاتی هەیە بڕیار بدات فێرخواز ڕەوانەی گرووپێک یان جێگەیەکی دیکەی خوێندن بکات گەر لێکۆڵینەوەکە پێشانی بدات ئەو هەنگاوە پێویستە. خێزانی فێرخواز لەم بڕیارە ئاگادار دەکرێتەوە.

§13 بەڕێوەبەر دەسەڵاتی هەیە، فێرخواز بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژخایەن دەر بکات لە خوێندن. ئەگەر:

1- ناچار بێت لەبەر پاراستنی ئاسوودەگیی فێرخوازانی دیکەی فێرگە
2- چارەسەرەکانی زووتر باسکران وەک هۆشداری و گواستنەوە سوودی نەبووبێت
3- فێرخواز دەرفەتی هەبێت بە شێوەیەکی دیکە بەردەوام بێت لەسەر خوێندن. ئەم دەرکردنە نەبێتە هۆی دابڕانی خوێندن.

بڕیاری دەرکردن تەنها دەسەڵاتی بەڕێوەبەرە، ئەویش بۆی نییە ئەو مافە بداتە کەسی دیکە. بڕیاری دەرکردن دەبێت دەستبەجێ پیادە بکرێت.

§14 ئەو دەرکردنەی بڕگەی پێشوو نابێت بۆ ماوەیەکی درێژتر بێت لە پێویست. فێرخواز نابێت بۆ زیاتر لە یەک هەفتە دەر بکرێت. نابێت زیاتر لە دوو جاریش لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا دەر بکرێت.

§15 بەرلەوەی بەڕێوەبەر بڕیاری دەرکردن بدات دەبێت فێرخواز و خێزانی فێرخواز دەرفەتی گوتار و خۆ ڕوونکردنەوەیان هەبێت.

بەڕێوەبەر لەگەڵ بڕیاری دەرکردندا دەبێت «فەرمانگەی فێرکاری» ئاگادار بکاتەوە. ئەگەر فێرخواز لە سەروو هەژدە ساڵەوە بوو ئەوا دەبێت «فەرمانگەی چاودێریی جڤاکی» یش ئاگادار بکرێتەوە.

§16 بەڕێوەبەر بۆی هەیە کەلوپەل لە فێرخواز زەوت بکات گەر بزانێت ئەو کەلوپەلە زیانی هەیە لە فێرگەدا. زەوتکردن تەنها بە بڕیاری بەڕێوەبەر دەبێت. کەلوپەلی زەوت کراو نادرێتەوە دەست فێرخواز هەتا ماوەی خوێندنەکەی تەواو دەبێت.

§17 ئەگەر کەلوپەلی زەوت کراو بچێتە خانەی کەلوپەلی نایاسایی و مەترسیدارەوە، بۆ نموونە نارکۆنیکا (ماددەی هۆشبەر) یان چەک (هەر جۆرێکی بێت) ئەوا ئەرکی بەڕێوەبەرە دەستبەجێ پۆلیس لەو باسە ئاگادار بکاتەوە. ئەم جۆرە کەلوپەلانە، هەتا بڕیاری فەرمانگەی پەیوەندیدار، لای پۆلیس دەستبەسەر دەبن.

§18 دۆکیۆمێنکاری: هەر بڕیارێکی فێرگە بەرانبەر فێرخواز لەوانەی لە سەرەوە باسکران دەبێت بە دۆکیۆمێنت تۆمار بکرێت.

## بەشی 6: چارەسەر بەرانبەر ڕەفتاری ڕێزشکێن

§1 مەبەستی ئەم بەشە بەربەستنە لە ڕەفتاری ڕێزشکێنی بەرانبەر منداڵ و فێرخواز. ڕێساکانی ئەم بەشە هەموو بەستێنی فێرکاری دەگرێتەوە.

§2 هەڵاوێردن: قەدەغەکردن و ڕێبەستن لە هەموو جۆرێکی هەڵاوێردن لەم بوارەدا بەپێی دەستووری کوردستان دەبێت.

§3 مەبەست لە ڕێزشکاندن: هەر ڕەفتارێک بێڕێزیکردنی تێدا بێت بەرانبەر منداڵ و فێرخواز.

§4 هەر گرێبەستێک لە ڕێساکانی ئەم بەشە دەرچێت گرێبەستێکی پووچە و کاری پێ ناکرێت.

§5 «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لەوەی کارمەندان و فەرمانبەرانی فێرکاری هەموو ئەو ئەرکەی لەسەریانە و لەم بەشەدا باس دەکرێت، پیادە بکەن.

§6 کار بەرەو ئامانج: ئەرکی «فەرمانگەی فێرکاری» یە لە هەموو یەکەیەکی خۆیدا کاری بەرنامەداری هەبێت بەرەو ئامانجی ڕێبەستن لە ڕێزشکاندن و هەڵاوێردن.

§7 ئەرکی «فەرمانگەی فێرکاری»یە:

- ساڵانە پلانی کار بۆ ڕێبەستن لە ڕێزشکێنی و هەڵاوێردن دابڕێژێت
- ئەوجا سەرپەرشتی پیادەکردنی ئەو پلانەش بکات و
- دیڤچوونی بۆی هەبێت

§8 نە «فەرمانگەی فێرکاری» و نە کارمەندانی فێرکاری بۆیان نییە هیچ ڕەفتارێکی ڕێزشکێنی بەرانبەر منداڵ و فێرخواز بنوێنن.

§9 بەڕێوەبەری فێرگە ئەرکی تۆمارکردنی سکاڵا، لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی چارەسەر بەرانبەر ڕەفتاری ڕێزشکێن، دەگرێتە ئەستۆ.

§10 مامۆستا یا هەر کارمەندێکی دیکەی فێرگە گەر بزانێت منداڵێک هەیە هەست بەوە دەکات ڕەفتارێکی ڕێزشکێنی بەرانبەر دەکرێت، ئەرکە لەسەری بەڕێوەبەری فێرگە لەو باسە ئاگادار بکاتەوە. «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لەوەی دەستبەجێ لێکۆڵینەوە لەو باسەدا بکات و هەڵوێستە دروست بەرانبەر هەبێت بەمەبەستی بەربەستن لە دووبارە بوونەوەی ڕەفتاری ڕێزشکێن.

§11 قەدەغەکردنی تۆڵە: «فەرمانگەی فێرکاری» نابێت تۆڵە لە منداڵ یان فێرخواز بکاتەوە بە بیانووی ئەوەی منداڵ یان فێرخوازەکە تێوەگلاوە لە لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕەفتاری ڕێزشکێنی.

§12 قەرەبوو: ئەگەر «فەرمانگەی فێرکاری» یان کارمەندانی فێرگە ڕەفتارێکی ڕێزشکێنی بەرانبەر منداڵ یان فێرخواز بکە ئەوا دەبێت هەم قەرەبووی ئەو منداڵە بکەنەوە هەم ئەو زیانەی بۆ بژمێرن کە لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارە لە فێرخوازەکە کەوتووە. ئەندازەی ئەو ژماردن و قەرەبووە بە پێی ڕێسای تایبەتی دیاری دەکرێن.

§13 ئەگەر دوو لایەنی ناکۆک دەربارەی قەرەبووکردنەوە ڕێک نەکەون، باسەکە دەدرێتە دادگە.

§14 گەر منداڵ یان فێرخواز سکاڵای هەبێت گۆیا تووشی ڕەفتاری ڕێزشکێنی بووە و «فەرمانگەی فێرکاری» ئەو سکاڵایە نەسەلمێنێت، ئەوا ئەرکی سەرشانی «فەرمانگەی فێرکاری» بەڵگەی ڕوونەدانی ڕەفتاری ڕێزشکێنی بسەلمێنی.

§15 مافی لەسەر خۆکردنەوە لە دۆزێکی داواگەریدا گەر منداڵ یان فێرخواز داوا بکات «فەرمانگەی فێرکاری» دەبێت لە «فەرمانگەی چاودێریی فێرکاری» یەوە کاری پارێزەری لەو منداڵە فێرخوازە بکات لە هەمان دۆزیشدا گەر لایەنی دووهەم کە بەرانبەر منداڵ و فێرخوازەکە دەوەستێت فێرگە خۆی بوو ئەوا دیسان «فەرمانگەی چاودێریی فێرکاری» پارێزەری فێرگە دەبێت.

**بەشی 7: ئەرک و مافی چوونە بەرخوێندن**

§1 لەم بەشەدا ڕێسا هەیە دەربارەی ئەرک و مافی چوونە بەرخوێندن.

§2 ئەرکی چوونە بەرخوێندن هەموو منداڵێکی نیشتەجێی کوردستان دەگرێتەوە.
ئەم ئەرکە ئەو منداڵانەی کورستان ناگرێتەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی کوردستان دەژین.

§3 هەموو منداڵێکی ئەرکی بەرخوێندن دەیگرێتەوە، مافی ئەوەی هەیە بێبەرانبەر سوود لە خوێندنی گشتی وەربگرێت.

§4 ئەرکی چوونە بەرخوێندن لە فێرگەی بنەڕەتیدا پیادە دەکرێت.

§5 فێرگەی تایبەتی بنەڕەتی: گەر ئاشکرا بێت منداڵێک ناتوانێت بگاتە ئەو ئاستەی زانین کە فێرگەی بنەڕەتی بەمەرجی گرتووە لەبەر ئەوەی گرفتی گەشەی لەگەڵدایە، دەخرێتە فێرگەی تایبەتی بنەڕەتییەوە.

وەرگرتنی منداڵ لە فێرگەی تایبەتی بنەڕەتیدا لەلایەن «فەرمانگەی فێرکاری»یەوە بڕیاری دەدرێت. بەر لە بڕیاری وەها لێکۆڵینەوەی فێرکاری، دەروونناسی، ساخلەمی و هەروەها جڤاکی پێویستە. لەم باسەدا ڕاوێژ و هاوئاهەنگی لەگەڵ خێزانی منداڵەکەدا دەکرێت.

§6 فێرگەی تایبەتی بنەڕەتی جگە لە منداڵی خاوەن گرفتی گەشە، منداڵی نابینا و نەبیست و نەگۆ دەگرێتە خۆ.

§7 ئەرکی چوونە بەر خوێندن لە وەرزی پاییزی ئەو ساڵەوە دەستپێدەکات کە منداڵ دەبێتە 6 ساڵان.

§8 گەر هۆی تایبەتی هەبێت ئەوا «فەرمانگەی فێرکاری» دەتوانێت بڕیار بدات خوێندنی ئەو فێرخوازە ساڵێک دوا بخات، ئەویش تەنها گەر خێزانی منداڵەکە داوای بکەن.

§9 ئەرکی چوونە بەرخوێندن وەرزی بەهاری پۆلی نۆیەم تەواو دەبێت.

§10 گەر فێرخواز خوێندنی بنەڕەتی پاش 9 ساڵ تەواو نەکرد بۆی هەیە بەردەوام بێت بە مەرجێک لە 18 ساڵ تێپەڕ نەکات. ئەم بڕیارەش «فەرمانگەی فێرکاری» لێی بەرپرسیارە.

§11 گەر فێرخوازێک بەر لە تەواوبوونی 9 ساڵی بنەڕەتی بگاتە ئەو ئاستەی زانیاری کە فێرگەی بنەڕەتی بە مەرجی گرتووە، ئەرکی چوونە بەرخوێندنی لەسەر هەڵدەستێت. ئەم بڕیارەش «فەرمانگەی فێرکاری» لێی بەرپرسیارە.

§12 دەوامی فێرگەی بنەڕەتی دەگاتە 190 ڕۆژ و هەشت سەعات لە ڕۆژێکدا، پۆلی یەکەم و دووەمی لێ دەرچێت کە ڕۆژی 6 سەعاتە. دەوامی فێرگە 5 ڕۆژە لە هەفتەیەکدا.

ئەرکە لەسەر هەموو فێرخوازێک وابەستەی ئەم دەوامە بێت. هەر کەسێک سەرپێچی لەم ڕێسایە بکاتە لە لایەن بەڕێوەبەری فێرگەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و هەمان ڕۆژ خێزانیشی ئاگادار دەکرێتەوە.

§13 گەر پێویست بکات فێرخواز دەتوانێت داوای پشوو بکات و نەچێتەوە بۆ فێرگە. ئەم داوایە ئاڕاستەی بەڕێوەبەر دەکات و بەڕێوەبەر بۆی هەیە بڕیار بدات. بەڕێوەبەر بۆی نییە مۆڵەتی 10 ڕۆژ زیاتر بدات بە فێرخواز.

§14 بواردن: ئەگەر فێرخواز هۆی تایبەتی هەبێت دەتوانێت داوای بواردن بکات لە بەشێکی پرۆسەی خوێندن. بەڕێوەبەر بەرپرسە لەم بڕیارە.

بەرپرسایەتی پیادەکردنی ئەرکی چوونە بەرخوێندن

§15 خێزان (مەبەست بەخێوکەرە) بەرپرسە لەوەی منداڵ ئەرکی چوونە بەرخوێندن پیادە بکات.

§16 «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ پیادەکردنی ئەرکی چوونە بەرخوێندن.

**بەشی 8: زارۆخانە**

1§ ئەرکی زارۆخانە بریتییە لەوەی هەم دەرفەت بۆ فراژووتن و فێربوونی منداڵ بڕەخسێنێت هەم چاودێرییەکی ئاسوودەی پێ ببەخشێت. کاروباری زارۆخانە دەبێت ڕوانگەیەکی گشتگیری هەبێت دەربارەی پێداویستی منداڵ. چاودێری، فراژووتن و فێربوونی منداڵ لە دارشتنی پلانی کاردا، یەکانگیرن.

زارۆخانە دەبێت دەرفەت بۆ پەیوەندی هەمەلایەنە و گوزەرانی جڤاکی بڕەخسێنی و منداڵ ئامادە بکات بۆ خوێندنی بەرزتر.

2§ منداڵی بەر لە تەمەنی فێرگەی بنەڕەتی دەبێت دەرفەتی هەبێت بەشداری زارۆخانە بێت. بەڵام زارۆخانە بە ئێواران و ڕۆژانی پشوو نییە.

3§ منداڵ لە وەرزی پاییزی ئەو ساڵەی تێیدا دەبێت بە 3 ساڵ مافی هەیە ساڵانە 500 سەعات لە زارۆخانە بێت. زارۆخانە هەفتانە 5 ڕۆژ کراوەیە.

4§ منداڵ لە تەمەنی 1 ساڵییەوە دەرفەتی دەبێت بەپێی پێویست و بارودۆخی خێزان بچێتە زارۆخانە.

5§ ئەرکی «فەرمانگەی فێرکاری»یە کەشی لەبار بڕەخسێنێت بۆ منداڵانی زارۆخانە.

6§ منداڵی گرفتدار (خاوەن پێداویستیی تایبەت) دەبێت زەمینە و پشتیوانی تایبەتی هەبێت.

7§ زمانی زگماک: زارۆخانە دەبێت یارمەتی ئەو منداڵانە بدات کە زمانی زگماکیان جودایە و هاوکاریان بکات بۆ گەشەکردنی توانای منداڵ لە زمانی زگماکی خۆیدا.

8§ دیداری گەشە: زارۆخانە بەرپرسە لەوەی ساڵانە هەر نەبێت یەک جار دیداری گەشەی هەبێت لەگەڵ خێزانی یەک بەیەکی منداڵەکان بۆ گفتوگۆ دەربارەی گەشهکردنی ئەو منداڵە.

9§ «فەرمانگەی فێرکاری»، بەرپرسە لە تەرخانکردنی دەرفەت بۆ بەشداری منداڵ لە زارۆخانەدا.

**بەشی 9: فێرگەی بنەڕەتی**

1§ لەم بەشەدا ڕیسای گشتی و ڕێسای نمرەدانان ڕوون دەکرێنەوە.

2§ ئەرکی فێرگەی بنەڕەتی بریتییە لەوەی بەها و زانیار بدا بە منداڵ هەروەها گەشە توانای منداڵ بدات بۆ وەرگرتنی زانیار و بەها.

خوێندن دەبێت وەها بێتە داڕشتن کە سوودی هەبێت بۆ فراژووتنی کەسایەتیی منداڵ و هەروەها فێرخواز ئامادە بکات بۆ هەڵبژاردنی چالاکانەی ژیان و بشبێتە بنەمایەک بۆ خوێندنی بەرزتر.

خوێندن دەبێت زەمینە ساز بکات بۆ پەیوەندی هەمەلایەنە و گوزەرانی جڤاکی، هەروەها بناخەیەکی پتەو ساز بکات بۆ بەشدارییەکی چالاکانەی جڤاکی.

3§ فێرگەی بنەڕەتی بریتییە لە 9 پۆل، هەر پۆلەی ماوەی ساڵێک دەخایەنێت و بریتییە لە وەرزی پاییز و بەهار، «فەرمانگەی فێرکاری» بڕیاری دەستپێک و کۆتای ساڵی خوێندن دەدات.

4§ خوێندنی بنەڕەتی ئەم بابەتانە دەگرێتە خۆ:

- هونەرکاری: وێنە و کاری دەست
- زمانی کوردی لە فێرگەی کوردیدا
- زمانی میللی دیکەی کوردستان لە فێرگەی ناکوردیدا، وەک: تورکمانی، کلدۆئاشووری، عەرەبی و هتد.
- زمانی ئینگلیزی
- ماڵداری و ئابووری
- وەرزش و ساخلەمی
- ماتماتیک
- مۆزیک
- بابەتی سروشتناسی: بایۆلۆجی، فیزیا، کیمیا
- بابەتی جڤاتناسی: جوگرافیا، مێژوو، فەلسەفە، دینناسی و جڤاتناسی
- زمانی کوردی لە فێرگەی ناکوردیدا
- تەکنیک
- جگە لەمانە بابەتی دیکەی وەک زمانی زگماک دەرفەتی خوێندنی هەیە.

5§ کاتی خوێندن «فەرمانگەی فێرکاری» بڕیاری دەدات: بڕوانە بەشی 7 بڕگەی 12.

6§ پلانی وانە: هەموو وانەیەک دەبێت پلانی خۆی هەبێت. «فەرمانگەی فێرکاری» ڕێسای ئەم پلانە دادەڕێژێت.

7§ تێست و ئەزموون بۆ هەڵسەنگاندنە و نابێت ببێتە پێوەر بۆ وەرگرتن یان وەرنەگرتنی فێرخواز لە خوێندنی بنەڕەتیدا. بەدەر لەم یاسایە «فەرمانگەی فێرکاری» بۆی هەیە یاسای تایبەت دابڕێژێت.

8§ خوێندن لە فێرگەی بنەڕەتیدا مفت (بێبەرانبەر) ـە.

9§ بەدەر لە بڕگەی پێشوو فێرگە بۆی هەیە وردەخەرجییەک لە فێرخوازان کۆبکاتەوە بۆ ڕێک خستنی گەشتی فەرهەنگی و کاری لەو بابەتە.

10§ دیداری گەشە: ساڵی 2 جار، هەر وەرزی جارێک دیداری گەشە لە نێوان مامۆستا فێرخواز خێزانی فێرخواز ساز دەکرێت لەم دیدارەدا ڕەوتی گەشەکردنی منداڵ دەخرێتە بەرباس ئەویش بە مەبەستی ڕاهێزانی توانای فێرخواز. زانیاری دەربارەی گەشەکردنی توانای منداڵ دەبێت لەسەر بناغەی گەشەیکردنی فێرخواز بێت بەرانبەر پلانی فێرکاری.

11§ لە دیداری گەشەدا، مامۆستا دەبێت ئەم خاڵانە ئامادە بکات:

- توانای فێرخواز پێشان بدات لەو وانەیەی دەیخوێنێت بە بەراود بەو مەرجەی لەسەریەتی.
- پلانێک پێشان بدات بۆ پێشخستن و سەرخستنی توانای ئەو فێرخوازە.

12§ نمرەنامە و بڕوانامە لە بەشی 3 بڕگەی 8-13 دا ڕوون کراوەتەوە

13§ نمرەدانان لە پۆلی چوارەمەوە دەستپێدەکات. پێوەری نمرەدانان لە 0-100 نمرەیە بەرزترین نمرە 100 ـە.

14§ «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خوێندنی بنەڕەتی.

15§ دابینکردنی هاتوچۆی فێرخواز لە نێوان ماڵ و فێرگەدا ئەرکی حکوومەتە.

**بەشی 10: پشووخانە**

1§ پشووخانە بەشێکی تەواوکەری خوێندنی فێرگەی بنەڕەتییە. لە پشووخانەدا زەمینە بۆ فێربوون و گەشەی منداڵ ساز دەکرێت و هەروەها دەرفەتی پشوودان و بووژانەوەی سوودبەخش دەڕەخسێت. فێرکاری لێرەدا سەرلەبەری پێداویستی و هەلومەرجی منداڵ ڕەچاو دەگرێت.

پشووخانە کار بۆ پتەوکردنی پەیوەندی هەمەلایەنە و پێشخستنی گوزەرانی جڤاکی دەکات.

2§ «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە دابینکردنی پشووخانە.

3§ دەبێت جێگە هەبێت بۆ ئەو فێرخوازەی پێویستی بە جێگەیە لە پشووخانەدا لەبەر ئەوەی خێزانەکەی لە کارن و ئەم پێویستی بە چاودێری هەیە.

4§ پشووخانە بۆ ئەو فێرخوازەیە لە وەرزی پاییزی ئەو ساڵەدا تەمەنی بگاتە 13ساڵ.

5§ پشووخانە ڕۆژانە بۆ کاتی پاش فێرگەی بنەڕەتییە.

6§ «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە دابینکردنی کەشێکی گونجاو بۆ فێرخوازانی پشووخانە

7§ «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە دابینکردنی پشووخانەی حکوومەتی.

8§ پشووخانەی حکوومەتی مفت نییە، مزەیەکی دیاریکراوی هەیە، مەرج و پێوەری ئەو مزەیە لە لایەن «فەرمانگەی فێرکاری» ـیەوە دیاری دەکرێت.

**بەشی 11: فێرگەی ئامادەیی**

§1 ئەرکی فێرگەی ئامادەیی بریتییە لە سازکردنی زەمینەیەکی پتەو بۆ پیشەزانی و بۆ خوێندنی باڵاتر. هەروەها بۆ گەشەی کەسایەتی و بەشداریی چالاکانەی نێو جڤاتە.

خوێندن دەبێت وەها بێتە دارِشتن گەشە بە توانای جڤاکیی فێرخواز بدات، هەم بە تەنێ و هەم بە گرووپ زانیار پەیدا بکات، تێیدا قووڵ بێتەوە و گەشەی پێی بدات.

§2 فێرگەی ئامادەیی دەبێتە بنگەیەک بۆ ئافراندنی کەسانی توانا بۆ بازاڕی کاری هەم میللی و هەم ناوچەیی و هەروەها بۆ خوێندنی باڵاتر.

§3 «فەرمانگەی فێرکاری» لەم بوارەدا هاوکار و هاوئاهەنگ دەبێت لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی جڤاتدا.

§4 گرووپی ئامانج: تەنها ئەو فێرخوازە بۆ هەیە فێرگەی ئامادەیی بخوێنێت کە فێرگەی بنەڕەتی یان فێرگەیەکی هاوشانی بنەڕەتی تەواو کردبێت، تەمەنی لە 21 ساڵ زیاتر نەبێت و خوێندنی باڵاتری تەواو نەکردبێت.

§5 بەگشتی دوو شاڕێ لە فێرگەی ئامادەییدا هەیە:

1- شاڕێی پیشەناسی: بۆ فێربوونی پیشەیەکی تایبەت و چوونە بازاڕی کارەوە.
2- شاڕێی ئامادەیی بۆ خوێندنی زانکۆ.

ڕشتەکانی ئەم دوو شاڕێیە و هەروەها وردەکاریی بەرنامەی ئەو ڕشتانە لەلایەن «فەرمانگەی فێرکاری» ڕوون دەکرێنەوە.

§6 خوێندنی ئامادەیی ئەم بابەتانە دەگرێتە خۆ:

- زمانی کوردی
- زمانی میللی دیکەی کوردستان لە فێرگەی ناکوردیدا، وەک: تورکمانی، کلدۆئاشووری، عەرەبی و هتد.
- زمانی ئینگلیزی
- ماتماتیک
- جڤاتناسی
- فەلسەفە و دینناسی

- سروشتناسی
- وەرزش و ساخڵەمی
- هونەر

§7 بە گشتی خوێندنی ئامادەیی هەفتەی پێنج ڕۆژە. ساڵی 190 ڕۆژ، ڕۆژی 8 سەعات. کاتی خوێندنی هەر ڕشتە و بەرنامەیەک لە لایەن «فەرمانگەی فێرکاری»یەوە بڕیاری دەدرێت.

§8 لە فێرگەی ئامادەییدا بەشی تایبەت هەیە بۆ فێرخوازی گرفتدار (خاوەن پێداویستیی تایبەت). ڕێسای تایبەت بەم بەشانە لە لایەن «فەرمانگەی فێرکاری»یەوە دێنە دارشتن.

§9 وەرگیران لە فێرگەی ئامادەییدا بەرپرسایەتیی «فەرمانگەی فێرکاری»یە و ڕێسا و مەرجی وەرگرتن لە لایەن «فەرمانگەی فێرکاری»یەوە دیاری دەکرێن.

§10 خوێندن لە فێرگەی ئامادەییدا مفتە (بێبەرانبەر) ـە. بەڵام دەکرێت فێرگە وردەخەرجییەک لە فێرخوازان کۆ بکاتەوە بۆ ڕێک خستنی گەشتی فەرهەنگی و کاروباری لەو بابەتە.

§11 دیداری گەشە: ساڵی 2 جار، هەر وەرزی جارێک، لە دیداری گەشەدا، بەڕێوەبەر زانیارییەکی سەرلەبەر دەربارەی ڕەوتی گەشەی فێرخواز ڕوون دەکاتەوە. دەشێت ئەم زانیارییە بدرێتە خێزانی فێرخوازیش.

§12 نمرە و بڕوانامە بە ڕێسای تایبەتی «فەرمانگەی فێرکاری» دیاری دەکرێن.

§13 نمرەدانان لە پۆلی یەکەمی ئامادەییەوە. دەستپێدەکات. پێوەری نمرەدانان لە 0-100 نمرەیە بەرزترین نمرە 100 ـە.

§14 هەر کەس بیەوێت بڕوانامەی ئامادەیی وەربگرێت، بۆی هەیە بەشداری ئەزموون بێت. «فەرمانگەی فێرکاری» ڕێسای ئەو جۆرە ئەزموونانە دیاری دەکات.

§15 «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خوێندنی ئامادەیی.

## بەشی 12: خوێندنی گەورەساڵان

ناوەڕۆکی ئەم بەشە

§1 لەم بەشەدا:

- ڕێسای گشتی
- ڕێسای فێرگەی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان
- ڕێسای فێرگەی ئامادەیی بۆ گەورەساڵان
- ڕێسا دەربارەی بڕوانامە

ڕێسای گشتی

§2 شائامانجی فێرگەی گەورەساڵان بریتییە لە هاندان و گەشەدان بە ویستی فێربوون لای گەورەساڵان. دەبێت دەرفەتی هەبێت بۆ ڕاهێزانی توانا و سەرخستنی ئاستی زانین و گەشەکردنی کەسایەتی گەورەساڵان، بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان لە جڤات و بازاڕی کاردا.

سەرشاری فێرگەی گەورەساڵان بریتییە لە پێداویستی و بارودۆخی فێرخواز. پێشەمی دەدرێت بەو کەسەی لە هەموان کەمتری خوێندوە.

§3 خوێندن بۆ گەورەساڵان دوو ئاستە:

- فێرگەی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان
- فێرگەی ئامادەیی بۆ گەورەساڵان

§4 مەبەستی فێرگەی گەورەساڵان:

- لە ئاستی بنەڕەتیدا بریتییە لە سەرخستنی ئاستی زانین بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت جێی خۆی لە جڤات و بازاڕی کاردا بکاتەوە. هەروەها بۆ ئەوەیە مرۆڤ ئامادە بکات بۆ بەردەوام بوون لە خوێندنی بەرزتردا.
- لە ئاستی ئامادەییدا بریتییە لە گەیاندنی مرۆڤ بەو ئاستی زانینەی فێرگەی ئامادەیی دەیگاتێت.

5§ خوێندن لە فێرگەی ئامادەیی بۆ گەورەساڵان بە سیستەمی کۆرس خوێندن و خاڵ وەدەست هێنان.

6§ هەموو وانەیەکی ئاستی بنەڕەتی و هەموو کۆرسێکی ئاستی ئامادەیی دەبێت پلانی خۆی هەبێت. ڕێسا بۆ ئەم پلانی وانە و کۆرسانە و هەروەها سیستەمی خاڵدانان لە لایەن «فەرمانگەی فێرکاری»یەوە دادەنرێن.

7§ فێرگەی گەورەساڵان مفتە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت گوژمەیەکی کەم لە فێرخواز وەربگیرێت بۆ هەندێک چالاکی تایبەت بۆ نموونە گەشتی فەرهەنگی و کاروباری لەو بابەتە.

8§ پلانی فێرکاریی کەسەکی: هەموو فێرخوازێک دەبێت پلانی فێرکاریی کەسەکیی خۆی هەبێت. ئەم پلانەی فێرکاری، ئامانجی خوێندن و پلانی کاری تێدا ڕوون کراوەتەوە.

«فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە دارشتنی ڕێسا بۆ ئەم جۆرە پلانە.

9§ گەر لەبەر هەر هۆیەک بێت ئەو فێرگەیە لەکار کەوت فێرخواز بۆی هەیە بەردەوام بێت لەسەر خوێندنی خۆی لە فێرگەیەکی دیکەدا.

10§ هەر کەسێک مافی خوێندنی گەورەساڵانی هەبێت، مافی هەیە داوای جێگە دەکات لە «فەرمانگەی فێرکاری». ئەوجا «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لەوەی، بەپێی ڕێسا و بەرنامەی دیاریکراو، فێرخوازان وەربگرێت لە فێرگەکانی خۆیدا.

فێرگەی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان

11§ هەر شارەوانییەک دەبێت فێرگەی بنەڕەتی هەبێت بۆ گەورەساڵان. «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسایەتیی ئەم خوێندنە دەگرێتە ئەستۆ و لە هەر ناوچەیەکدا دەبێت چالاکانە کار بکات بۆ دامەزراندنی فێرگەی پێویست.

12§ مافی خوێندن لە فێرگەی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵاندا:

- مرۆڤیک 18 ساڵی پڕ کردبێتەوە
- نیشتەجێی کوردستان بێت
- ئەو ئاستی زانینەی نەبێت کە بەگشتی فێرگەی بنەڕەتی دەیبەخشێت
- توانای هەبێت بگاتە ئەو ئاستی زانینەی فێرگەی بنەڕەتی دەیبەخشێت

«فەرمانگەی فێرکاری» ڕێسای تایبەتی دەبێت بۆ وردەکاریی ئەم مافە. ڕێسای تایبەتیش دێتە داڕشتن بۆ خوێندنی گەورەساڵان لە خانەی نەوجەوانان و لە زینداندا.

13§ دەبێت فێرگەی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان هەبێت بۆ ئەو فێرخوازەی زمانی کوردی نازانێت. خوێندن لەو فێرگەیەدا یان بە زمانی زگماکی خۆی دەبێت یان بە زمانێکی ئەو بیزانێت. لە تەک ئەو خوێندنەدا وانەیەکی زمانی کوردیش دەخوێنێت.

فێرگەی ئامادەیی بۆ گەورەساڵان

14§ هەر شارەوانییەک دەبێت فێرگەی ئامادەیی بۆ گەورەساڵان هەبێت. «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسایەتیی ئەم خوێندنە دەگرێتە ئەستۆ و لە هەر ناوچەیەکدا دەبێت چالاکانە کار بکات بۆ دامەزراندنی فێرگەی پێویست.

15§ مافی خوێندن لە فێرگەی ئامادەیی بۆ گەورەساڵان:

- مرۆڤیک 18 ساڵی پڕ کردبێتەوە
- نیشتەجێی کوردستان بێت
- ئەو ئاستی زانینەی نەبێت کە فێرگەی ئامادەیی دەیبەخشێت
- توانای هەبێت بگاتە ئەو ئاستی زانینەی فێرگەی ئامادەیی دەیبەخشێ

«فەرمانگەی فێرکاری» ڕێسای تایبەتی دەبێت بۆ وردەکاریی ئەم مافە. ڕێسای تایبەتیش دێتە داڕشتن بۆ خوێندنی گەورەساڵانی نێو خانەی نەوجەوانان و هەروەها زیندان.

بڕوانامە

16§ بڕوانامەی فێرگەی بنەڕەتی گەورەساڵان پەیڕەوی لە سیستەمی فێرگەی بنەڕەتی گشتی دەکات. «فەرمانگەی فێرکاری» ڕێسای تایبەتی بۆ وردەکاریی ئەم بڕوانامەیە دادەڕێژێت.

19§ بڕوانامەی فێرگەی ئامادەیی گەورەساڵان ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە لەسەر سیستەمی کۆرس خوێندن و خاڵدانان داڕێژراوە. «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە داڕشتنی ئەو ڕێساگەلە.

17§ بۆ دارِشتنی ڕێسای نمرەدانان و بڕوانامە دەبێت «فەرمانگەی فێرکاری» پێوەری دیاریکراوی هەبێت بۆ هەر وانە و کۆرسێک. ئەم پێوەرانەش لەگەڵ زانیاری دیکە دەربارەی خوێندنی فێرگەکان ئاشکرا دەکرێن.

18§ هەڵسەنگاندن: بەڕێوەبەری فێرگە بەرپرسە لەوەی بە نووسراو ئەنجامی هەڵسەنگاندنی فێرخواز ڕادەستی هەر فێرخوازێک بکات، هەڵسەنگاندن بە وردی توانای فێرخواز لە بواری خوێندنەکەی خۆیدا دیاری دەکات. بەڕێوەبەر بەرپرسە لەوەی ئەم هەڵسانگاندنە بەپێی ڕێساکانی دەستووری فێرکاری ئەنجام درابێت.

19§ پشتگیرینامە: هەر کەسێک بەشداری خولی فێرگەی گەورەسالان بێت بۆی هەیە داوای پشتگیرینامە بکات. «فەرمانگەی فێرکاری» ڕێسای دەرکردنی پشتگیرینامە دادەڕێژێت بەڕێوەبەر بەرپرسە لە پیادەکردنی ئەو ڕێساگەلە بۆ دان یا نەدانی پشتگیرینامە.

**بەشی 13: فێرکاریی تایبەت**

§1 فێرکاریی تایبەت بۆ کەسانی گرفتدار (خاوەن پێداویستیی تایبەت) ە.

§2 بە شێوەیەکی گشتی، هەر ئاست و جۆرێکی فێرکاریی تایبەت پەیڕەوەی ڕێساکانی فێرکاریی هاوئاست و هاوجۆری خۆی دەکات:

- زارۆخانەی تایبەت پەیڕەویی ڕێساکانی زارۆخانەی گشتی دەکات.
- فێرگەی تایبەتی بنەڕەتی پەیڕەویی ڕێساکانی فێرگەی بنەڕەتی دەکات.
- فێرگەی تایبەتی ئامادەیی پەیڕەویی ڕێساکانی فێرگەی ئامادەیی دەکات.
- فێرگەی تایبەتی گەورەسالان پەیڕەویی ڕێساکانی فێرگەی گەورەسالان دەکات.

§3 هەموارکردنی ڕێساکانی فێرکاریی تایبەت: هەم بەرنامەی خوێندن و هەم جێوڕێی فێرگەی تایبەت دەبێت لەگەڵ هەلومەرجی فێرخوازی گرفتدار (خاوەن پێداویستیی تایبەت)، جۆری پەککەوتن و پێداویستیی ئەو جۆرە، هەموار بکرێت. «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لەم هەموارکردنە.

§4 فێرگەی تایبەتی ئامادەیی لە هەر جێیەکی کوردستان بێت، ئاواڵەیە بۆ هەموو فێرخوازێکی گرفتدار (خاوەن پێداویستیی تایبەت) کە بە پێی دەستوور مافی خوێندنی ئامادەیی هەبێت و ئەو فێرگەیە هەموار و تایبەت بێت بەو جۆرە گرفتداری و پێداویستییەی ئەو فێرخوازە هەیەتی.

**بەشی 14: خوێندنی زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانەی نایزانن**

§1 بەمەبەستی خۆشکردنی زەمینە بۆ هەموو کەسێکی گەورەساڵ کە لە کوردستاندا دەژی و کوردی نازانێت، بەشداری چالاکانەی هەبێت لە جڤاتدا حکوومەت دەرفەتی خوێندنی زمانی کوردی بۆ دەڕەخسێنێت.

§2 مەبەست لەم خوێندنە فێربوونی بنەماکانی زمانی کوردییە بۆ گەیشتن بە ئاستێک مرۆڤ بتوانێت تێیدا بەشداری بازاڕ و ئازادی کار بێت.

§3 ئەم خوێندنە لە شێوازی کۆرسدا دەبێت و هەموو کۆرسێک پلانی تایبەتی خۆی هەیە. «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە داڕشتنی ڕێسای ئەم کۆرسانە.

§4 ئەم خوێندنە مفتە

§5 بەڕێوەبەری فێرگە بەرپرسە لە پێشکەشکردنی بڕوانامەی تایبەت بەم خوێندنە بە فێرخوازی ئەم بەشە.

## بەشی 15: فێرگەی سەربە کەرتی تایبەت

§1 کەرتی تایبەت بۆی هەیە فێرگەی هەمەجۆر و هەمەئاست بکاتەوە بە پێی ڕێسا و گرێبەستی دیاریکراو. «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە دارشتنی ئەو ڕێسا و گرێبەستانە.

§2 فێرگەی سەربە کەرتی تایبەت دەبێت ئاواڵە بێت بۆ هەموو فێرخوازێکی مافی خوێندنی هەبێت و لەگەڵ مەرجی فێرکاریی ئەو فێرگەیەدا گونجاو بێت.

§3 خوێندن لە فێرگەی سەربە کەرتی تایبەتدا مفت نییە. گوژمەی پێویست بە پێی ڕێسا و گرێبەستی ئەو فێرگەیە لەگەڵ «فەرمانگەی فێرکاری» دیاری دەکرێت.

§4 «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە ناوەڕۆکی خوێندن و شێوازی کار لە فێرگەی سەربە کەرتی تایبەتدا و مافی چاودێریشی هەیە.

§5 ئەم ڕێساگەلە هەموو جۆرەکانی فێرگەی سەر بە کەرتی تایبەت دەگرێتەوە، بۆ نموونە: فێرگەی فرەمیللی (ئیتەرناسیۆنال)، فێرگەی خوێندنی بواری تایبەت (زمان یان هونەر و پیشەی تایبەت..).

§5 بروانامەی فێرگەی سەربە کەرتی تایبەت دەبێت پەیڕەوی ڕێساکانی «فەرمانگەی فێرکاری» بکات و بەڕێوەبەری فێرگە بەرپرسە لە پیادەکردنی ڕێساگەلی بڕوانامە.

**بەشی 16: چاودێری، هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی و دیڤچوونی حکوومەتی**

§1 ناوەڕۆکی ئەم بەشە

- چاودێری و هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی
- دەستتێوەردانی پاش چاودێری و هەڵسەنگاندن
- دیڤچوونی حکوومەتی

چاودێری و هەڵسەنگاندن

§2 مەبەست لێرەدا وردبوونەوەیەکی سەربەخۆیە لە کاروباری فێرکاری بۆ ئەوەی حکوومەت بزانێت ئەگەر ئەو کاروبارە دەگاتە ئاستی پێویست و پەیڕەوی لە ڕێسای دیاریکراو دەکات. بەدەم چاودێری و هەڵسەنگاندنی جۆرایەتییەوە، دەرفەت هەیە بۆ بڕیاردانی هەنگاوی پێویست بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئەو فێرکارییە کەموکووڕییەکان چاک بکەن.

§3 چاودێری و هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی هەموو لایەنەکانی فێرکاری دەگرێتەوە.

§4 «فەرمانگەی چاودێریی فێرکاری» سەربە «فەرمانگەی فێرکاری» یە و ئەرکی چاودێری و هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی دەگرێتە ئەستۆ.

§5 «فەرمانگەی چاودێریی فێرکاری» بە مەبەستی چاودێری و هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی مافی هەیە سەرەدانی هەموو شوێن و تۆمارگەیەکی هەمەجۆری فێرکاری بکات.

§6 هەموو خاوەن فێرگە و بەڕێوەبەرێک ئەرکە لە سەری، زانیاریی پێویست بداتە «فەرمانگەی چاودێریی فێرکاری» گەر داوای بکات. ف. ب. ڕێسای چەندوچۆنی ڕادەستکردنی ئەو زانیارییانە دادەڕێژێت.

دەستتێوەردان

7§ «فەرمانگەی چاودێریی فێرکاری» بۆی هەیە پاش چاودێری و هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی بڕیاری ئەو هەنگاوانە بدات کە پێویستن بۆ هاوسەنگکردنەوەی کاروباری ئەو یەکەیەی خراوەتە ژێر چاودێرییەوە.

8§ لایەنی پەیوەندیدار دەبێت دەستبەجێ کار بکات بۆ پیادەکردنی ئەو هەنگاوانەی «فەرمانگەی چاودێریی فێرکاری» داوای دەکات.

دیڤچوونی حکوومەتی

9§ حکوومەت لە ڕێی «فەرمانگەی فێرکاری» دەبێت دیڤچوونێکی میللی هەبێت بۆ هەموو بەستێنێکی فێرکاری.

10§ هەموو لایەنێکی بەستێنی فێرکاری ئەرکە لەسەری زانیاریی پێویست بداتە «فەرمانگەی فێرکاری» بۆ ئەم مەبەستە.

11§ «فەرمانگەی فێرکاری» بەرپرسە لە دارشتنی ڕێسای چەندوچۆنی ئەو زانیارییانە.

12§ «فەرمانگەی فێرکاری» پاش دیڤچوونی میللی بۆ هاوسەنگکردنەوەی بارودۆخێکی نالەبار، بڕیار دەر دەکات. لایەنی پەیوەندیدار دەبێت دەستبەجێ ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکات.

## بەشی 17: «نارەزایی»

1§ بەستێنی فێرکاری دەستەیەکی تایبەتی هەیە بۆ تاوتوێکردنی هەر نارەزاییەکی لە بواری فێرکاریدا دەکرێت ئەویش «دەستەی نارەزایی» ـە.

2§ «دەستەی نارەزایی» بریتییە لە 1 دەمڕاست و 5 ئەندام. یەک لەو پێنجە جێگری دەمڕاستە. دەمڕاست و جێگری دەمڕاست دەبێت دادوەر بووبن. ئەندامەکانی دیکەی ئەم دەستەیە دەبێت شارەزایی منداڵ و فێرخواز و هەروەها بەستێنی فێرکاری بن.

3§ ئەندامانی ئەم دەستەیە لە لایەن «فەرمانگەی فێرکاری» ـەوە دیاری دەکرێت.

4§ «فەرمانگەی فێرکاری» ڕێسا دادەڕێژێت بۆ دیاریکردنی سنووری ئاشکرایی کاروباری ئەم دەستەیە.

5§ بڕیاری «فەرمانگەی فێرکاری» و هەموو فەرمانگەیەکی سەربە ب. ف، بە یەک بە یەکی فێرگەکانیشەوە دەکرێت لای «دەستەی نارەزایی» نارەزایی لێ بگیرێت.

6§ بڕیاری «دەستەی نارەزایی» دەکرێت لە دادگەدا، بە پێی دەستووری هەرێمی کوردستان، نارەزایی لێ بگیرێت.

«...»